# جمهوری ئیسلامی ئیران وئیسلامی سیاسی، براوەی یەکەم!

## لەبارەی ئەنجامەکانی هەلبژادرنەوە

**خەسرەو سایە**
**k.saya@ukonline.co.uk**

"هەلبژاردن"ی ئەمجارەش لەنیو پروپاگەندە وپیداهەلدانی دەزگاکانی راگەیاندن و لیکۆلەرەوە رەنگاورەنگەکانی دنیا قەراری گرت و بووە بابەتیکی سەرەکی لەبەردەم لایەنەجۆراوجۆرەکانی بەشدار لەم سیناریۆیەدا.. لەپیشیانەوە بۆش و بلەیر، هەلبژاردنیان بەهەنگاویکی تر لەراستای دیموکراتیزەکردنی عیراق ونیشاندانی نمونەیەك بۆرۆژهەلاتی ناوەراست ناوزەدکرد. بەدوای ئەوانیشدا تالەبانی وجەعفەری خەلکی عیراقیان بەهۆی بەشدارکردنەوە لەم سیناریۆیەدا بەبراوەی یەکەم داناو ئومیدی ئەوەیان پەخشاندەوە کە عیراقی داهاتوو لەئارامی و خۆشگوزەرانی بەهرەمەند دەبی وکۆتایی بەتیرۆرو تیرۆریستان دیت.. بەلام ئەگەر لەهەموو ئەم راگەیاندن و پروپاگەندانە بگوزەریین، ئەوا وەلامدانەوە بەدوو پرسیاری سەرەکی دەتوانی راستی و ئەنجامەکانی ئەم سیناریۆیە بخاتەروو:

یەکەمیان کی براوەی سەرەکی داوی سیناریۆی هەلبژاردنە؟ ئەمریکا ودیموکراتیزمەکەی یان تیرۆریستان و جەنگیك کەبەریانخستووە؟ خەلك یان لیستەی تاقمی قەومی وئیسلامی؟ دووەمیشیان، ئەنجامەکانی هەلبژاردن چیەیە؟ ئایا هەلبژاردن ئەتوانی داهاتووی عیراق بەرەو کۆمەلگایەکی ئارام و ئاسوودە ببات وکۆتایی بەشەروکوشتار و تیرۆر وئاشوبیك بهینی کەیەخەی بەخەلك گرتووە؟ ..

سەرەتا بەپیچەوانەی هەرجۆرە پروپاگەندەیەك کەئەمریکاو لایەنەکانی بەشدار لەسیناریۆی هەلبژاردندا، سەبارەت بەخۆیان ودەوری خەلك دەیکەن، ئەوەی کەدەکری بەبراوەی یەکەمی نیو سیناریۆی گەلتەجاری هەلبژاردن ناوببری، ئیسلامی سیاسی وجمهوری ئیسلامی ئیرانە ونەهیچ لایەنیکیتر. دەستپیکردنەوەی شەپۆلیکیتر لەکوشتارو کردەوەی تیرۆریستانە وکۆمەلە رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی دوای "هەلبژاردن" شایەتی لەسەر ئەو راستیەیە دەدەن کەنە ئەمریکاو نەخەلك وەنە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد وسکولار ولیبرالەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا براوەی نیو ئەو گەمەیەنین کەناوی هەلبژاردنیان لیناو خەلکیان بۆهینایە بەردەم صندوقەکانی دەنگدانەوە. بۆش وبلیر کەپییان وایە "هەلبژاردن" نیشانەیەکیتر لەسەرکەوتنی سیاسەتەکانیان، لەراستای بردنی عیراق بەرەو دەولەتیکی دیموکراتی ویەکگرتووی لایەنگر بەئەمریکا ورۆژئاوا، ئەدات بەدەستەوە، جگەلە پروپاگەندەیەکی پوچ بۆچاوبەستکردنی رایگشتی شتیکیتر نییە. چونکە ئەوەی لەئەرزی واقعدا"هەلبژاردن" بەکردەوە دەری هیناوە، بالادەست بوونی زیاتری ئیسلامی سیاسی ورۆلی دەخالەتگەرانەی جمهوری ئیسلامی ئیرانە لەباروذۆخەکانی ئیستای عیراقدا. ئەمریکاو بەریتانیا دوای ئەوەی کەپارەوپولیکی زۆر وتوانایەکی گەورەیان خستەگەر تا بتوانن هەرچۆنیك بووە عەللاوی ویاوەر وچەلەبی، ئەم کۆلکە لیبرال وسکولار وناسیونالیستانە، لەریگای هەلبژاردنەوە دەسەلاتی سەرەکی وەرگرن وئەمەش ببیتە بناغەی پیکهاتنی بالانسیکی سیاسی لەحکومەت وپەرلمانی داهاتوودا و سنوریکیش بۆنفوزی ئیران لەعیراقدا دابنی، بەیەکجاری بیمایە دەرچوو. چەلەبی کەنەیتوانی دەنگەکانی تەنهایەك کورسی پەرلمان بەریتەوە و عەلاویش کەلە14٪ یدەنگەکانی پی براوە. هەروەها "تەحالوفی کوردستانی"دوستانی سەرەکی ئەمریکا کەنەیانتوانیوە کەمترین دەنگی ناوچەکانی ژیر نفوزی"شیعەو سوونەکان" بەدەستبهینن، بەپویست "هەلبژاردن" سەرکەوتنیکی گەورەی بۆ"ئیئتیلافی شیعەکان" تۆمارکردووە وئەمەش بەیەکجاری خەونەکانی ئەمریکای بۆ هینانە دی حکومەت وپەرلمانیکی دیموکراتی رۆژئاوایی وەك دوکەل بردووە بەئاسماندا. بەلام ئەمە هیشتا هەموو مەسەلەکە نییە. ریزبەستنیکی تازە کەراستەوخۆ بەدوای راگەیاندنی یەکەمین ئەنجامی دەنگەکاندا، هاتۆتەکایەوە، قەیرانیکی سیاسی بیچارەی رووبەرووی سەرتاپای هەلبژاردن وئەنجامەکانی کردۆتەوە. بەرەی "ئەلتەوافق" و"موسالەحە" و"حیوار ئەلوەتەنی" ونزیکەی 35 لایەن، کەتادوینی لەهەلبژاردنەکاندا بوون وپروپاگەندەیان بۆ دیموکراسی وهەلبژاردن دەکرد ئەمرۆ بوونەتە "بەرەی رافز" وبەشیعاری "عصیانی مەدەنی" یەوە خەریکن ئاگری جەنگیك لەدژی دیموکراسی وسەرجەم سیاسەتەکانی ئەمریکا، پەمپ دەکەن کەلەپشتیەوە یەك بەرەی تیرۆریستی راوەستاوە. حالەتیکی ئاواش دیسانەوە هەموو ئەو هەول وتەقەلایەی کەئەمریکا دای بۆراکیشانی لایەنە نەیارەکانی وەك "سوونە" وپاشماوەکانی بەعس، بۆناو "پرۆسەی سیاسی" ودەستکیشانەوەیان لەکاری تیرۆر وتەقاندنەوە، پوچەلدەکاتەوە.

راستیەکەی ئەوەیە کەهەلبژاردن "دوژمنانی" ئەمریکای لەعیراق و ناوچەکەدا بەهیزکردوە، تائەوەی کۆمەکی بەئامانجی دیموکراسی وحکومەتی یەکگرتووی داهاتوو کردبیت!. هەربۆیە خەلیلزادە لەیەکەمین راگەیاندنەکانی خۆیدا بەنیگەرانیەوە ووتی:"پیدەچیت خەلکی دەنگیان بەهەویەتی قەومی وسکتاریستی تائیفەگەری خویان دابی تابەدیموکراسی ویەکپارچەیی ولاتەکەیان" .

بەجیا لەئەمریکا ئەوە ناسیونالیزمی کوردە، کەبەناوی"شەرعیەتی نەتەوە"وە براوەی خۆی بەوەرگرتنی کورسیەکانی کوردایەتی لەپەرلمانی داهاتووی عیراقدا دەزانی، لەکاتیکدا هەر ریژەیەك لەوەرگرتنی کورسیەکان بۆ ئەوان بەمەرگ ونەهامەتیەکیتر بۆخەلکی ژیردەستیان تەواو دەبی. ناسیونالیزمی کورد ئەتوانی شانازی "بەزۆرینە دەنگەکانی کوردەوە"بکات بەلام هەرگیز ناتوانی لەگەمەی هەلبژادندا براوەبی. تەنانەت ئەگەر هەموو

ریژەی کورسی‌یە بۆدانراوەکانیشیان بەتەواوی وەرگرن. چونکە "کەمایەتی‌یەکی پەرلمانی" لەنیو باوردۆخی ولاتیکی جەنگ گرتوودا، کەهیچ کاریگەری‌یەکی سەراسەری نی‌یە، جگەلەوەی ناتوانی لەژیر فشار وشەرت ومەرجەکانی "زۆرینەی پەرلمانی"دا خوی دەربازکات، بەلکو ئەوەی بۆی دەمینیتەوە خۆساچاندنە لەگەل "ئیئتلافی شیعەکان"دا. یانی دووبارەکردنەوەی هەموو ئەوبارودۆخ وحالەتانەی کە یەکیتی وپارتی لەدەورەی پیشوودا لەگەل جەعفەریدا تاقیانکردۆتەوە.

بەلام ئایا بەشداری هەرریژەیەك لەخەلکی لەم هەلبژادنەدا، ناتوانی بەدەستکەوتیك بۆ"عیراقی‌یەکان" بەحساب بیت؟ ..لەراستیدا ئەوەی روویدا هەلبژاردنیك نەبوو بۆخەلکی عیراق تابەهەویەتی کۆمەلایەتی و ولاتی‌یەوە لەبەردەم صندوقەکاندا راوەستن وئاگاهانە هەلبژیرن ودەنگ بەبەرنامەو ئامانجی ئەم یان ئەوحیزبی سیاسی بدەن، بەلکو ئەوەی خەلکی هینایە بەردەم صندوقەکان جگەلە فشارو ترس و چاوبەستیك، کەبەرەو رووبانکرایەوە، ئەو وەهەمەبوو کەهەرکەس ئەگەر بەهەویەتی قەومی و تەیافە وئاینی خویەوە لەپشتی میلیشیای دەستەو تاقمی ناوچەی خۆی راوەستی ودەنگی بۆ بدات ئەتوانی ریگای دەرکیشانی کۆمەلگای عیراق لەنەهامەتی‌یەکانی ئیستا بگریتەبەر!!. بەمجۆرە بەشداری خەلك ئەوکاتە مومکینبوو کەبەپەرچەمی قەومی وتایەفەگەری‌یەوە خۆیان بناسینن. ئەمە ئیتر ناکری رەتکردنەوەی هەرجۆرە پیناسەیەکی"عیراقی بوون" و "دەنگدانی عیراقی‌یەکان" دەسەلمینی. لەم سیناریۆیەدا خەلکی تەنها قوربانی یەکەم و ئاخرن وەختیك دەنگیان ببیتە ئیمزاکردن بۆ دەسەلاتگرتنی دەستەوتاقمیکی ئینسان کوژ وکۆنەپەرستی ئیسلامی وقەومی.

کەوایە کی براوەیە؟ رۆشنە کەئەمجارەش هەلبژاردن ئیسلامی سیاسی نەك تەنها لەعیراق بەلکو لەناوچەکەدا بەهیزدەکات. "ئیئیتلافی شیعەکان" کەزۆرترین دەنگیان هیناوەتەوە، نفوزی گەورەی ئیسلامی سیاسی لەدەولەت وپەرلماندا جیگیردەکات. تاقمیکی وەك موقتەداصدر کە تادوینی جەنگی شارەکانی کەربەلاو نەجەف و بەشیك لەشاری بەغدای بەسەر خەلکی عیراقدا دادەسەپاند، ئیستا جگەلەوەی کەبەچەك وتفاقی خۆیەوە ماوەتەوە بەلکو ریگای شەرعی وقانونی لەدەسەلاتدا بۆسیاسەت وهەلسوکەوتە دژی خەلکی‌یەکانی پەیدادەبی. دەستەو تاقمی ئیسلامی تر گەرچی نەیاری هەلبژاردنیش بن، بەلام هاتنی تەنها یەك نوینەریان بۆنیو پەرلمان وحکومەتی داهاتوو، کۆمەکی زیاتر دەکات بە ئیسلامیزەبوونی کۆمەلگای عیراق. لەکەنارئەمانەشەوە هاتنەسەرکاری حکومەتی "ئیتلافی شیعی" بەهەر تەوافقیەکەوە لەگەل لایەنەکانی‌تر، بەقازانجی جمهوری ئیسلامی ئیران تەواودەبی. حکومەتیکی ناپایەدار، پیکهاتوو لەئەحزابیك کەئیران نفوزی تەواوی تیدا هەیە، بارودۆخەکان بەقازانجی ئیستراتیژی ئیسلامی سیاسی لەئاست ناوچەکەدا دینیتە کایەوە کەبەتەوای پیچەوانەی رەوەند وسیاسەتیکە کەئەمریکا لەدەستوری خۆی ناوە. بەلام بەم هەموو حالەوە ئەنجامی هەلبژاردن چی دەبی ئایا دەتوانی داهاتووی کۆمەلگای عیراق لەگیژاوی ئیستا دەرکیشی؟

یەکەمین ئەنجامیك کە هەلبژاردن بەدوای خۆیدا توندی دەکاتەوە، دابەشبوونی کۆمەلگای عیراقە لەنیو تەقسیماتی قەومی وتایەفەگەری و دەسەلاتی میلیشیای ناوچەیی‌دا وبەهۆیەشەوە راپیچدانی ژیانی خەلکە بۆنیو گیژاوی شەری تیرۆریستی و ناوخۆیی. سیمای قەومی وتایەفەگەری و ناوچەیی لەهەلبژاردندا شتیکی شاراوەنی‌یە بۆکەس. هەرکەس سەرنجبدات بەسادەیی ئەوە دەبینی کە"کوردەکان" لەسەرووی عیراقدا و"شیعەکان" لەخواروو، "سووننەکان" لەناوەراست زۆرینەی دەنگەکانیان هیناوەتەوە. حالەتیکی ئاواش چەسپاندنی زیاتری تەقسیماتی قەومی وتایەفەگەریی و بەرینبوونەوەی هەرچی زیاتری قەلشتی نیوان ئەم دابەشبوونەیە. حالەتیکی ئاواش زەمینەکانی شەروپیکدادانی ناوچەیی دەکاتەشتیکی حەتمی بەتایبەتی کەداگیرکاری و جەنگ وپەلامارە تیرۆریستی‌یەکان لەوشوینی خۆیاندامابن. لەلایەکی‌تریشەوە ئەوەی کە ئەنجامی هەلبژاردن جیگای رازی بوونی چەندین دەستەو تاقم نی‌یە، کاری تیرۆرو پەلامارەکان نەك هەربەرەو کزبوون ناچیت، بەلکو بەهانەیەکی سیاسی تر دەداتە دەست ئەولایەنانەی کەلەپشت ئەمجۆرە کارانەوە، بەناوی "پشتگیری لەمقاوەمەتەوە" راوەستاون، کردەوەکانی خۆیان پەرەپیبدەن. بەم پی‌یەش ئارام بوونەوەی وەزعی کۆمەلگا بەرەو حالەتیکی مەحال دەبات.

ئاشکرایە "هەلبژاردن"یك کەکۆمەکی راستەوخۆ بەبالادەستی ئیسلامی سیاسی وبەهیزبوونی رەوتەکانی کردبیت، بەزیانی خەلك تەواودەبی. دەسەلات وحکومەت وسیستەمیکی سیاسی وقانونی وئیداری و ئابووری وتەنانەت فەرهەنگی کەلەسەربناغەی ئیسلام و شەریعەتەکەی دامەزرابی ماف وئازادی‌یەکانی خەلك و ئاسایشی کۆمەلایەتیدا بەیەکجاری دەخاتە ژیر پیوە. ئەمە ئیتر ریگا دەدات تا رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی بەشیوەی قانونی وبەناوی دیموکراسی‌یەوە ئیستبدادی رەشی خۆیان بەسەر کۆمەلگادا بچەسپینن و تەبریری بکەن.

تائەوجیگەیەی بەخەلکی کوردستان ومەسەلەکەیان دەگەریتەوە، هەلبژاردن دیسانەوە زەربەیەکی تری وەشاند لەخەبات وخواستیك کەبۆ سەربەخۆیی و رزگاربوون لەم گیژاوەی کەلەعیراقدا پیکهاتووە، هەیانە وگرتویتانەتەبەر. هەلبژاردن ریگای پەلکیشکردنی خەلکی کوردستان و داهاتووەکەی بۆ بەزۆر لکاندنەوەیانی خستۆتەری، بەعیراقیکەوە کەئیسلامی سیاسی وفاشیزمەکەی تیا بالادەست دەبی، ئەمەش بەمانای راکیشانی خەلکی کوردستانە بۆ قوربانیدانیکی‌تر و تەحەمولکردنی دژواریکی تر..

لەیەك وتەدا ئەگەر ئەنجامگیری بکەین ئەوەیەکە مادام هەلبژاردن و تەنانەت حکومەت وپەرلمانیك کەدەیهنیەتە ئارەوە، ناتوانی کۆتایی بەداگیرکاری ئەمریکا بهینی وسوپاو تانك و پاکتاوی ناوچەپی وکردەوە سەربازی‌یەکان لەسەر سەری خەلکی هەلگری. بەپیویست بارودۆخەکان لەنیو سیناریوی

رەشی بەرەکانی تیرۆریزمدا رادەگری و دەریژەی پیدەدات. بەواتایەکیتر جەنگ و نائارامی وپشیوی و داروخانی باری کۆمەلایەتی خەلك وپەرەگرتنی هەرچی زیاتر بیدەرەتانی و هەژاری وکاولکاری ... دەبیتە سیما جیانەبووەوەکانی ئەو دیموکراتییەی کەبریارە نمونەکانی لەرۆژهەلاتدا پیشنیازبکری.

بەلام لەئاخردا هەلبژاردن ئەوراستییەشی سەلماند کەئیمە کۆمۆنیستەکان باوەرمان پیی بوو. ئیمە ووتمان ئەوەی روویدا سیناریۆیەکی گالتەجارانەبوو کەلەچوارچیوەی سیاسەتەکانی ئەمریکادا هاتوتەپیشەوە نەپەیوەندی بەقازانجی خەلکەوە هەیەو نەدەتوانی ژیانی ئەوان لەگیژاوی ئیستا دەرکیشی. ئیمە ووتمان ئەم هەلبژاردنە ئەلقەیەکە لەمیژوویەکی پیکەوە گریدراو کە لەدوای رووخانی رژیمەوە دەست پیدەکاو بەزنجیرەیەك لەمەئسات وجەنگ وکوشتاری خویناوی و کاولکاری ودارمانی بناغەکانی کومەلگا تیپەردەبی و سەرەنجامیش دەگات بەوەی کەجەعفەری وئیسلامی سیاسی ودەستەوتاقمی قەومی لایەنگر بەئەمریکا بەدەسەلات بگەیەنی.. ئەمە نەك هیچ پەیوەندیکی بەژیانی ئینسانی خەلکەوەنییە بەلکو بەتەواوی لەبەرامبەریدایە. ..بەم هەموو راستییانەوە خەلکی دەبی دەرس لەهەنگاوەکانی خۆیان وەربگرن بۆئەوەی بتوانن ژیانی خۆیان بریاربدەن. هەلبژاردن هیچ جیگایەك ناهیلیتەوە بۆ ئەوەی کەئیتر کەس بەسیاسەت وکردەوەکانی ئەمریکاو دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی خۆشباوەربیت، سەبارەت بەوەی کە ئەم هیزانە دەتوانن داهاتوویەکی ئارام وئاسایش لەعیراقدا بەدیبینن.

2005/12/24